# گەر بتوانم کەسێک لە بێتاقەتی ڕزگار بکەم، گەورەییە بۆ خۆم

ئا/ ئەوین



تارا بورهان ئەندامێكی چالاكی سكرتاریەتی ڕێكخراوی ئازادی لاوانەو لەدوا گۆنگرەی ڕێكخراودا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی سكرتاریەت، دەنگی یەكەمی بەدەست هێنا، تارا پێشتر كاری پێژەری كردوە، پێشكەشكاری بەرنامەی (ئێمەو ئێوەو كامێرا)و بەرنامەی (خولیا) بوە، كە لەكەناڵەكانی گەلی كوردستانو كەناڵی ئاسمانی كوردسات پەخش كراون.

سەرەتای كاركردنی لە ڕێكخراوی ئازادی لاوان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٠ كاتێك داوای لێدەكرێت كار لە ڕێكخراوی ئازادی لاوان بكات، ئەوكات سەرەتای دامەزراندنی ڕێكخراوەكە دەبێت، تارا بەخۆشحاڵیەوە ڕەزامەند دەبێتو دەڵێت" زۆرم پێی خۆش بوو بێمە بواری گەنجانەوە، چونكە ئاواتی من بوو"، هەروەها ووتی" سەرەتای دەست پێكردنی كارم لە ئازادی لاوان ئامادەكردنو پێشكەشكاری بەرنامەی خولیا بوم" پاش دابڕانی لەڕێكخراوی ئازادی لاوان بەهۆی هاوكارینەكردنیەوە، ماوەیەكە گەڕاوەتەوە نێو ڕێكخراوو بەردەوامی داوە بە كارەكانیو دەڵێت" ئێستا ڕێكخراوەكە لەئاست خەونەكانم دایە، بۆیە بڕیارمدا بگەڕێمەوەو خزمەت بكەم" هەربۆیە لەدوا گۆنگرەی سكرتاریەتی ڕێكخراوی ئازادی لاوان، خۆی كاندید دەكاتو سەردەكەوێت، كە ئەمەش بۆ تارا هێنانەدی خەونێكی بوە كە چەند ساڵێكە هەوڵی بۆ داوە.

ئەو بڕیاری كاركردنی داوە بۆ گەنجانو دەڵێت" تارا ئامادەیە لەماڵەكەی خۆشیدا بێت یارمەتی گەنجان بدات بێ جیاوازی ڕەگەزی، گەر من بتوانم كەسێك لە بێتاقەتی ڕزگار بكەم، ئەوە گەورەییە بۆ خۆم".

لەدوا پرۆژەكانیدا خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەكات یارمەتی هاوڕەگەزەكانی خۆی بداتو بەڵێنیان پێ دەدات لەهەر شوێنێك بێت تارا دەنگی كچان بگەیێنێتو كاری باشیان بۆ بكات هەروەها بەسەرجەم گەنجانیش دەڵێت" هەركەسێك گەر بگەڕێت بە دوای خەونەكانیدا دەیدۆزێتەوە با لە خوێندنگاو لە ڕێكخراو نەبێت، با لەسەر جادەبێت گرنگ دۆزینەوەی ئارەزوەكانە نەك لەناوبردنی".

# هەڵدانی سەیوان، بۆ خۆرەتاوە نەک بۆ باران



هەموومان لەترسی جوانیو ناسكی باران سەیوان (چەتر) هەڵدەدەین، هەڵدانی سەیوان بوە بەشێك لە ئاكارو كەلتورمان، بەڵام خۆدانە بەر باران وەك بەشێك لە خۆڕاهێنان بۆ بەدەستهێنانی جوانی ڕۆح نەبۆتە بەشێك لە ئاكارو كەلتورمان، لەهاویندا لەكاتی خۆرەتاوی توندو بەهێزدا، بۆ بەرگریكردن لە تیشكە زیان بەخشەكان، چەند كەسانێك سەیوان هەڵدەدەن، دەبنە شوێنی سەرنجو وەكو بونەوەری عەجیبو غەریب دێنە پێش چاو، چونكە ئێمە ڕازی نین دیاردەی نوێ ببێتە بەشێك لە ئاكارو كەلتورمان. ئەمە لە كاتێكدایە كە بنەچەی هەڵدانی سەیوان بۆ خۆرەتاوە نەك بۆ باران.

# قومارچیەک کچەکەی خۆی فرۆشت

قومارچیەكی پاكستانی دوای ئەوەی پارەیەكی زۆری دۆڕاند، كچەكەی خۆی فرۆشت.

ڕۆژنامەیەكی ناوخۆیی پاكستان بڵاویكردەوە، پیاوێكی پاكستانی كچە سیانزدە ساڵانەكەی بۆ دانەوەی قەرزەكانی فرۆشت، پاش ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ پیاوێك مۆر كرد كچەكەی خۆی دا بەپیاوەكە، بەبڕی (٥٠٠٠٠)هەزار ڕۆبیە كە دەكاتە(٨٢٠)دۆلار، هەروەها بەنیازیش بوە كچەكەی تری بۆهەمان مەبەست بفرۆشێت.

ژنی پیاوە پاكستانیەكە بەهەمان ڕۆژنامەی ڕاگەیاند كە" پاش ئەوەی مێردەكەم هەموو شتی ناوماڵەكەی فرۆشتو پارەی پێی نەدەداینیو توندوتیژیشی بەرامبەرمان دەكرد، كچەكەشمی فرۆشت" ئەوەی جێ ئاماژەیە تائێستا پۆلیسو دەزگا حكومیەكان خۆیان لەم كارە نەگەیاندوە.

سایتی هەمبەستگی

# خولی پەرەپێدان بۆ منداڵانی سەید سادق

ئەنوەر حەمە غریب


لەزنجیرەی چالاكیەكانیدا سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان/ ئۆفیسی سەیدسادق خولی پەروەدەو گەشەپێدانی مەدەنی بۆ منداڵانی ناوچەكە كردەوە.

بەبۆنەی هاتنی پشوی هاوین سەنتەری گەشەپێدان چالاكی لاوان هەڵدەستێ بە كردنەوەی چەند كۆرسێكی یەك مانگە بۆ منداڵانی شارۆچكەی سەیدسادق، كۆرسەكان بریتین لە(فێر بونی زمانی ئینگلیزی، كۆمپیوتەر، وەرزش، مۆسیقاو پەروەردەی مەدەنی) و لە لایەن چەند مامۆستایەكەوە دەوترێنەوە بۆ منداڵانی بەشدار بوو كە پێویستە خوێندكاری پۆلەكانی(سێ یەم، چوارەم، پێنجەم)ی سەرەتایی بن، سالار محمود بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیری گەشە پێدانی چالاكی لاوان بەڕێوانی وت" ئەمساڵ جیاواز لەساڵانی تر نەمانتوانی منداڵی زۆر وەربگرین لەبەر ئەوەی دارایی ڕێكخراوەكەمان لاوازەو ئەمەش بۆتە هۆی بێبەش بوونی زۆربەی منداڵان لە خولەكان " هەروەها سالار وتیشی" داوا لە ڕێكخراوەكانی منداڵان دەكەین، ئاوڕێك لەمنداڵانی سەیدسادق بدەنەوە، چونكە پێویستی زۆریان بەخولی جۆراو جۆر هەیە"، كۆرسەكانیش لەڕێكەوتی ٢٠٠٧/٦/٩ دەستی پێكردوە تا ٢٠٠٧/٧/٩ دەخایەنێت.

# ئۆقیانوسێک لە تاوان

سەبارەت بە دیاردەی لەشفرۆشیو بازرگانی كردن بەجەستەی مێینە لەكۆمەڵگای كوردیدا، ئەم توێژینەوەیە ڕێكخراوی ڕۆشنبیریو كۆمەڵایەتی خانزاد ئامادەی كردوە.

ئۆقیانوسێك لە تاوان لە نوسینو شیكردنەوەی (خەندان محمەد)ی، بەرپرسی ڕێكخراوی خانزادە، سەبارەت بە ئامادەكردنی توێژینەوەكە بەڕێوانی وت" ئەم توێژینەوەیە ئەزمونی چەند ساڵ كاركردنمانە لە ناو زیندانەكاندا، چونكە لەشفرۆشی بوتە دیاردەو گرنگە توێژینەوەیەكی لەم جۆرە هەبێت" هەروەها دەڵێت" ڕێكخراوو لایەنەكانی ژنان خۆیان لەم مەسەلەیە تاڕادەیەك بەدوور گرتوەو زیاتر باس لە لایەنەكانی تری توندوتیژی دەكرێت، بۆیە ئێمە لامان گرنگە كە ئەم دیاردەیە فەرامۆش نەكرێت".




ئۆقیانوسێك لەتاوان، توێژینەوەیەكی كۆمەڵایەتیەیە

# پووران درەخشندە خەڵات کرا



لەبەرنامەیەكی تایبەت بەنمایشكردنی فیلمدا،بنكەی بارهێنانی هزری منداڵو مێرد منداڵ، فیلمە سینەماییەكانی هونەرمەندی ناوداری كوردستانو ئێران(پووران درەخشندە) نمایش كرد.

هونەرمەندی پووران دەرهێنەری چەندین فیلمی ناودارە كە لە هەفتەی ڕابردودا، لەشاری كرماشان لە هۆڵی (فەرهەنسگەرای) نمایشی كردن، بۆ منداڵانو مێردمنداڵی بنكەی شاری كرماشانو بنەماڵەكانی ئەو دەڤەرە، لەدوایشدا لەگەڵ لایەنگرانی هونەری سینەماو بینەرانی فیلمەكانی وتووێژ كردو، لە ١٢_١٣ ئەم مانگە لەكۆڕێكدا كە بە بەشداری ئەكتەرەكانی فیلمی سینەمایی"منداڵی ئەبەدی" ڕێورەسمی ڕێزلێنان لەخانمی دەرهێنەری بەتوانا (پووران) نرا.

ئەم خانمە تائێستا چەند جارێك خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوەو خاوەنی شەش پەپولەی زێڕینو تابلۆییەكی ڕێزلێنانەوجگە لەمانەش ٢سیمورغی بلورینی لەفیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی فەجر بەدەستیهێناوە.

لەپەیامنێرەوە